کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-4-2007 0:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئێران دۆسیەکی دی، جیا لە پیتاندنی یۆرانیۆم ... حەسەن ئەحمەد مستەفا

بەگرتنی 15 دەریاوانە بەریتانیەکە کێشەیەکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی خۆمان وبەشێکی ئەوروپا سەریهەڵداوە، کێشەیەك کە سەرنجی سیاسی و ڕۆژنامەوانی وکۆڕوکۆبوونەوەی دیپلۆماسی بۆلای خۆی رادەکێشێ.



سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بۆش ئەم کارەی بە قێزەون ناوبرد کەلێبوردن بەخۆیەوە ناگرێت، ئەویش هەڵسانی ئێرانە بەئەنجامدانی کارێك کە تیایدا بەریتانیەکانی گرتووە، بۆش ئەوەشی گوت کەبابەتی بارمتە بەریتانیەکان مەترسیدارەو سەرۆك وەزیر تۆنی بلێری هاندا بەرێگای ئاشتی بابەتەکە چارەسەر بکات" (BBC-ARABIC .

ئەحمەدی نەژادیش ئەوەی بە دروست نەزانی، کە گرفتەکە براوەتەوە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی، هەروەها گوتی" ئینگلیزەکان پێیان خستۆتە ناو ئاوی ئێرانەوە"واتە سنوری سەروەری هەرێمیان بەزاندووە.

تائێستاش ئەوەی لەدەمی "مارگرێت بیکیت"هەڵوەریبی هەر داخوازی سیاسی بووە بۆ چارەسەری گرفتەکە ئەوەی لە هەموویان زیاتر دڵەراوکێی لای بەریتانیەکان دروست کرد، لێدوانەکەی سەفیری ئێران لەمۆسکۆ "غولام رەزا "بوو کە لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا گوتی" ئەوانە دەدرێنە دادگای ئێران. "

هەڵوێستی بەریتانیەکان هەردوو ئاراستەی توندونەرمی بەخۆیەوە گرتووە، وەزیری دەرەوە نەرم و لەلێدوانێکی توندیشدا بلێر گوتی:" ئەگەر تاران دەربارەی 15 گیراوەکانمان هەنگاوی نوێ نەهاوێژێ بەریتانیا بە توندی دژی ئێران دەوەستێ" بلێر گوتی: تەنها ڕێگایەك هەیە پێی لەم ئەزمەیە دەربچین ئەویش ئازادکردنی گیراوەکانە"voanews " لەم چەند ڕۆژەی ڕابردووشدا ئێرانیەکان لەبەریتانیا نامەی تاکە دەریاوانە ئافرەتەکەیان بڵاوکردەوە، لەنامەکە ڕایدەگەیەنێ کە ئەو بۆتە قوربانی سیاسەتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا، کێشەکە زۆر زیاتر گەورە بووە، هەردووك لایەنی بەریتانی و ئێرانی دەیانەوێت بەلای بەرژەوەندی خۆیاندا بیشکێننەوە.

بەرای من ئێران لێرەدا چەند ئامانجێکی سەرەکی هەیە، دەیەوێت بەم گیراوانە بیانپێکێ و کاتێکی گونجاویشی دەست نیشان کردووە.

یەکەم:

ئێران دەوڵەتێکی سیستەم ئایدۆلۆژیاییە کێشەی ناوخۆیی و دەرەکی زۆری هەیە، ووڵاتەکەش لەچەندین نەتەوەو ئاین و ئاینزا پێکهاتووە، لەوانەیە فارسە دەسەڵاتدارەکان ڕێژەیان لەنەتەوەکانی دیکە زیاتر نەبێت، بەگرتنی 15 مەلەوانی گەورەهێزێکی دونیا، کە یەك لەهەرە سەرەکیترین هاوپشت و هاوپەیمانەکانی ئەمریکایە، ئێران توانی بەهەموو ئێرانیەك بڵێ، کەئێوە ئێرانی خۆتان بناسن، ئێران لەبەرامبەر ئەمریکا لاواز نیە، دەیەوێت بڵێت کەس سەربزێوی نەکات، هیچ هێزێکی بیانی و ناوخۆیی بیر لەوە نەکاتەوە کە دەتوانێ زیان بە ئێران و بەرژەوەندییەکانی بگەیەنێت.

بەم کارە دەیەوێت شیرازەی ژیان و هەریمەنەی خۆی بەبەهێزی ڕابگرێ، ئەم کارە چەندە کارتێکردنی دەرەکی لەسەر ئاستی دنیا و ناوچە هەیە، هێندەش زیاتر، کاریگەرە لەسەر هەستی خەڵکی ئێران بەدۆست و ناحەزەکانی دەسەڵاتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-4-2007 0:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دووەم:
ئێران توانی ڕۆژەفێك لە دەرەوەی بابەتی چەکی ئەتۆمی بدۆزێتەوەو بەکاریبهێنێ، توانی بەرەی شەڕی ئەمریکاو بەریتانیا پارچە بکات بۆ دوو بەش، توانی کارێك بکات هێزی سیاسی و دیپلۆماسی بەریتانیەکان سەرقاڵی کێشەی بەریتانیا خۆی بکات، کێشەیەك کەبەگران لەسەر هەردووك لا بەتایبەتی لەسەر بەریتانیا و دەسەڵاتی ئێستا دەشکێتەوە، دەشتوانی ئەم دۆسیەیە وەك گەمەیەکێکی سیاسی جیاواز بکاتە کارتێکی زیندوو بۆ زیاتر بەرەودان بە پیتاندنی یۆرانیۆم.
سێیەم:
تاران دەزانێ ئەمریکا لەشەڕی عێراق دەرباز نەبووە، هاوشانی نەخشەی ئاسایشی عێراق کە لەحاڵەتی جێبەجێ بووندایە، هەڵمەتێکی هاوبەشی دیپلۆماسیش هەیە تاکوو پاشەکشە بەهێزەکانی تیرۆرو شەڕی تایفی بکرێت.
ئێران کە سەرپەرشتی شەڕێکی ناوچەیی فراوان لە عێراق و ئێران و لوبنانی و فەلەستین دەکات، دەیهەوێت بەو گروپ و هێزانەش بسەلمێنێ کە ئێرانیش هێزێکی بەرچاوی ناوچەکەیە. توانای ئەوەی هەیە لەرووی سیاسی، سەربازی دەست پێشخەری بکات، دەیەوێت لە گرژییەکانی ناوچەکەدا بەهەموان بڵێت سەربازەکانی ئێران لەسەربازە ڕۆژئاوایەکان کەمترنین، ئەمەش پەیامێکی سیاسی و سەربازی و سایکۆلۆژییە و تەدابیرێکی دەسەڵاتیشە لە سەر ڕووبەرێکی دیاری کراو لە خاك و خەڵکی خۆی.
ئێرانیەکان باشتر دەزانن، گرتنی 15 دەریاوانی سەربازی بەهانەیەکە بۆ ئەوەی ئەمریکا و بەریتانیا بیانکەنە بیانووی شەڕێکی جیهانی لەگەڵ ئێران، بەڵام ئەوە بارودۆخی دژواری هێزە ئەمریکیەکانە لەعێراق جەسارەتی ئەم هەنگاوەی بە ئێران داوە هەر لەم حاڵەتە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە ئەگەر ڕاستە و پلانێکی گەورە دژی ئێران هەیە، فەرموون وا ئێران بەهانە و بەردەبازیداوە.
ئێران هێز لە بارودۆخی عێراق وەردەگرێت، ئینگلیزیش ناسراوە چۆن سیاسەت دەکەن، بۆیە ئێرانیش لەدڵەراوکێ هەم لەسەر ئاستی سیاسی، هەم سەربازی بێبەش نیە.

Hassanmustafa_2007@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.